# بەسە بۆت کە سێ پڕ چنگی (هەردوو دەست) ئاو بکەیت بەسەر سەرتدا پاشان ئاو بکەیت (بەسەر هەموو لاشەتدا) وپاکدەبیتەوە

لە ئوم سەلەمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- من ئافرەتێکم قژم بە توندی پەلک دەکەم؛ ئایا بیکەمەوە بۆ خۆشۆردن لە لەشگرانی [ولە گێڕانەوەیەکدا: -وبۆ خۆشۆردن لە- سووڕی مانگانە]؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «نەخێر، بەسە بۆت کە سێ پڕ چنگی (هەردوو دەست) ئاو بکەیت بەسەر سەرتدا پاشان ئاو بکەیت (بەسەر هەموو لاشەتدا) وپاکدەبیتەوە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئوم سەلەمە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە قژی پەلک دەکات، پاشان پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد سەبارەت بە چۆنیەتی خۆشۆردن لە ڕوودانی گەورە -الحدث الأكبر- بەهۆی لەشگرانی وسووڕی مانگانە وزەیستانیەوە، ئایا پێویست دەکات کە پەلکەکەی قژی بکاتەوە بۆئەوەی ئاو بگاتە بنی قژی، یان پێویست ناکات پەلکەکەی قژی بکاتەوە؟ ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (نەخێر، بەسە بۆت کە سێ پڕ چنگی -هەردوو دەست- ئاو بکەیت بەسەر سەرتدا): واتا پێویست ناکات بەڵکو تەنها ئەوەندە پێویستە ئاو هێندەی هەردوو چنگی دەستت بکەیت بە سەر سەرتدا سێ جار، دەبێت زۆرینەی گومانت ئەوە بێت کە ئاوەکە گەیشتووەتە بنی قژ، ئەگەر ئاوەکە گەیشتبێتە بنی قژ یان نەگەیشت؛ ئەگەر ئەگەر گەیشتنی ئاو بە بنی قژ واجب بووایە ئەوا دەبووایە پەلکەکەی بکاتەوە بۆئەوەی دڵنیا بێت لەوەی ئاوەکە گەیشتووەتە بنی قژ یان نەگەیەشتووە. (سێ پڕ چنگی -هەردوو دەست-): سێ پڕ چەنگی هەردوو دەست؛ ئەم ژمارەیە دیاریکراو نییە، بەڵکو داواکراو ئەوەیە ئاو بگاتە بنی قژ؛ ئەگەر بە سێ چنگی پڕی هەردوو دەست ئاوەکە گەیشتە بنی قژ ئەوا ئەمە واجبە، وئەگەر نەگەیشت زیادکردن واجبە، بۆئەوەی زۆرینەی گومان ئەوە بێت کە ئاو گەیشتووەتە بنی قژ. (پاشان ئاوی بکەیت -بەسەر هەموو لاشەتدا-): واتا پاشان ئاو دەکەیت بەسەر هەموو لاشەتدا، ولە فەرموودەیەکی تردا: (ثمَّ تَصُبِّينَ على رأسِكِ الماءَ) واتە: (پاشان ئاو دەکەیت بەسەر سەرتدا -قژتدا-). (وپاکدەبیتەوە): ولە گێڕانەوەیەکی تردا: (فإذا أنت قد طَهُرت) [رواه أبو داود] واتە: (کەواتە تۆ پاکبوویتەوە) واتا لە ڕوودانی گەورە -الحدث الأكبر- کە تووشت بوو. بە کورتی: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەو شێوەیە فەتوای بۆیدا کە واجب نییە پەلکەکەی قژی بکاتەوە بۆ خۆشۆردن لە لەشگرانی وسووڕی مانگانە، بەڵکو تەنها بەسە کە سێ پڕ چنگی ئاو بکات بەسەر سەریدا، وپاشان ئاو بکات بەسەر هەموو لاشەیدا، وبەم شێوەیە -پاکبووەتەوە لە ڕوودانی گەورە -الحدث الأكبر.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10030

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee